

عەبدولڕەحمان بێلاف
قایمقامی قەزای مەخمور
**چەندین جار لەگەڵ ژەنەراڵ جۆن ئەبی زەید کۆبونەوەم کردووە ،بەڵام ناتوانم شوێنی کۆبونەوەکانم ئاشکرا بکەم**

# من پەیوەندیم لەگەڵ ئەمریکییەکاندا خۆشە بەڵام ئـەو پەیوەندییە بەشێوەك نییە کەشتێك لەژێر پەردەدا هەبێت


دیداری هەڵگورد عەبدولسەمەد و ئیبراهیم عەلی
نێردراوانی لڤین بۆ مەخمور


**● عەبدولڕەحمان بێلاف ماوەی 10 ساڵ قائیمقام بووە لە قەزای (سۆران و قەزای ناوەندی هەولێر ) لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقیشەوە قائیمقامی قەزای مـەخمورە ، زۆر گرفتی لەو پۆستەدا بۆ هاتۆتە پێشی ، خەڵك دەڵێن ئەگەر پەیوەندیەکی بەهێزی نەبوایە لەگەڵ ئەمریکیەکان ئەوا دەمێك بـوو لـەو پۆسـتە لادرابـوو ، بـێلاف لەلایـەن ئەمریکیەکانەوە حسابێکی تایبەتی بۆ دەکرێت و لە ژورەکەیدا وێنەی خۆیو (دۆناڵد رامسفێڵد)ی وەزیری پێشووی بەرگری ئەمریکا و (جۆن ئـەبی زێـد)ی سـەرکردەی هێزی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست هەڵواسرابوون، لەم دیدارەدا بەڵێنی ئەوەی پێداین کە زۆر شەفافانە لەگەڵمان بدوێت .**

**لڤین : تەعریب لە مەخموور چۆن دەبینیت؟**

عەبـدولڕەحمان بـێلاف : کاتێـك لـە 2003/4/9 هاتینەوە مەخمور یەکەم ئیشـم کـە بـیرم لێکـردەوە چارەســەری کێشــەی تــەعریب بــوو. ئــەوەبوو لیێژنــەکمان پێـك هێنـا لــە کـورد و عەرەبــە رەسەنەکان بەسەرپەرشتی خۆم چونکە عەرەبـەکانی مەخمور کە هەموویان لە کۆمەڵگەی (قریە النصر) بوون نەدەرۆیشتن ، بەڵام عەرەبەکانی کەندێناوە بۆ خۆیان رۆیشتن لە ترسی هاوپەیمانان ئـەو کاتـە زوو زوو ئەو ناوچەیان تۆپ باران دەکرد. ئەوەبوو ئەو لیژنەیە توانی عەرەبەکان رەوانـەی شـوێنی خۆیـان بکاتەوە کە دواتر ئەو لیژنەیە لە لایەن بەرێوەبەری ناحیەی گـەیارە و مـوفتی گـەیارە( شـێخ عومـەر) هاوکاری کرا کە مـاوەی مانگێکـە کۆچـی دوایـی کرد .

یەکەم جار عەرەبە رەسەنەکانمان ناردە لای هاوپەیمانان و تێمان گەیاندن کە مانەوەی ئەوانە زیان لە کورد و لە ئەوانیش دەدات .

بە عەرەبە رەسەنەکانمان گوت کە رەنگە ئێرە ئاوەدان بکرێتەوە و داهاتی بۆ مەخمور بێت بۆیە رەنگە بەشێك لەو داهاتە ئەو عەرەبانە ببەن کە عەرەبی تەعریبن لە سەرجەم دانیشتنەکانی ئەو لیژنەیە دوو ئەفسەری ئەمریکی ئامادە دەبوون کەیەکێکیان ناوی ( کۆلێنێڵ هارجز) بوو ئامر لیوای یەکی هێزی (101)ی هاوپەیمانان بوو ئەویتریشیان ناوی (مارکۆس بیلۆ ڤێرا)بوو کە ئەوانە رۆڵی باشیان بینی دواتر ( مێجەر ریڤس ) کەئەمریکیەکان کردبویانە سەرپەرشتیاری کاروباری مەخمور ئەویش رۆڵی هەبوو.

ئێمە سەرجەم بەڵگەنامەکانی خۆمان کۆکردەوەو بۆ هەموویانمان سەلماند کە ئەو ناوچەیە تەعریب کراوە ، داواشمان لە ئەمریکییەکان کرد کە یاساناسێکی خۆیان بێنن کە ئامادەبێت لەدانیشتنەکانی ئەو لیژنەیە . ئەوەبوو ئەوان کەسێکیان هێنا بەناوی ( نیل) ، دواتر ئاهەنگی نەمانی تەعریبمان کرد بە ئامادەبوونی جەنەڕاڵ باتریۆس .

**لڤین : هاولاتیانی مەخمور گلەییان زۆرەو گرفتەکانیان چارەسەر نەکراون ؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : ئێمە هاتینە سەر شارێکی وێرانە ، گوندێکی بە پێوە نەمابوو 35 ساڵە ئەو شارە تەعریب دەکرێت بۆیە گرفتمان زۆرە ، بەڵام گرفتی گەورە خزمەتگوزارییە ، ئەو گوندانەی دەوروبەرمان هەندێکیان وەکو ئەزمون ئاوەدا نمان کردنەوە ، بەڵام تەنها ئاوەدانکردنەوە مەرج نییە ، دەبێ حکومەت پلانی هەبێت بۆ ئەو خزمەتگوزارییانە.

خەڵکی ئەم ناوچەیە زۆربەی جوتیارە ، ژیانیان لەسەر ئەو جوتیارییە ، دەزانن کە مەخمور زەوییەکی زۆری هەیە و ساڵانە خەڵك گەنمێکی زۆر لەو ناوچەیە دەچێنێت ، دووەم گەورەترین سایلۆ لە هەموو عێراق لە مەخمورە ،کە روسەکان دروستیان کردووە و 200 هەزار تەن گەنم دەگرێت . مەخمور دەوڵەمەندترین قەزایە لەسەرتاسەری عێراق کە 750 بیر نەوتی لێیە (60٪) ی نەوتی کەرکوك هی مەخمورە .

بۆیە دەبێ حکومەت بیر لەوە بکاتەوە کە نرخی گەنم زیاد بکات پێم وایە بەمە چارەی گرفتەکانی خەڵك دەکرێت ، کە پرۆژەی گەورەی ئاو بهێنێتە ئەو ناوچەیە کە دیجلەش لێرەوە نزیکە ، بۆ ئەوەی خەڵك بتوانێ هەر چوار وەرز سوود لەزەوییەکانی وەربگرێت لێرە خەڵك چاوەڕێی باران دەکات.

**لڤین : ئیدارەی مەخمور پەیوەندی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان چۆنە ؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : کاری حزب رێکخستنە ، کاری ئێمەش خزمەتکردنە.هیچ گرفتێکی ئەوتۆمان نییە لەگەڵ حیزبەکان ئەوەی هەشمان بوو لە سەرەتای پرۆسەی ئازادییەوە بوو .

**لڤین : خەڵک پێیانوایە کە پارتی زۆر هەوڵ دەدات کە تۆبگۆڕێت چونکە تۆ حیزبایەتی ناکەیت هەرچەندە خۆشت پارتی ، یەکێتیەکانی مەخموریش پێت دەڵێن کە زۆر نێوانت لەگەڵ عەرەبەکان خۆشە ؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : (دوای بێ دەنگییەکی کەم) ئەو قسانە زۆر دەکرێت لەسەر من بەڵام بە عەمەلی هیچ شتێکم نەدیووە ، لەوانەیە ئەوە قسەی حیزب نەبێ بەڵام قسەی کادرێك بێت ، چونکە دەتوانی لە خەڵك بپرسی ، خەڵك سەنگی مەحەکە ، هەرکاتێکیش خەڵك بەمن رازی نەبوو من خۆم ئێرە جێدەهێڵم.

**لڤین : رەنگە زیاتر ئەمە لەبەر ئەوە بێت کە لە پۆستەکەتدا حیزبایەتی ناکەیت؟**

عەبدولرەحمان بێلاف :ئیدارە ئەوەیە کە خزمەتی هەموو خەڵك بکەیت ، ئەوە نییە کە تۆ بۆ یەك حیزب و یەك لایەنی حیزبی کار بکەیت ، چونکە ئیدارە واتە حکومەت، حکومەتیش هی تەواوی خەڵکە ، چونکە تەواوی خەڵك و هەموو حیزبەکان دەنگیان بۆ داوە ، ئیدارە شتێکە جیایە لە حیزب ، دەبێ حیزب و ئیدارە لە یەکتر جیا بکرێنەوە ، زۆر خۆشحاڵیشین بەو بڕیارەی بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە گشتاندن شتێکی زۆر باش بوو بەڕاستی ئەمە سیمای شارستانیەتە .

**لڤین : زۆر پەیوەندیت لەگەڵ ئەمەریکیەکان بەهێزە؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : لێت ناشارمەوە ئەمەریکیەکان دۆستی منن ، ئەمەریکییەك کە رێگا بەمن بدات ئاڵای کوردستان هەڵبدەم و کێشەی تەعریب لە سنورەکەدا نەهێڵم و بەبێئەوەی بڕێك پارە لە ماددەی 140 تەرخان بکرێت بۆ ناوچەکە کە کاری پێ بکرێت ، ئێمە دینارێکمان سەرف نەکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تەعریب ، ئێمە هەر لە سەرەتاوە چارەسەری ئەم کێشەیەمان کردووە ، ئەگەر برادەرانی ئەمەریکی نەبوونایە من نەم دەتوانی ئەمە بکەم ، ئەوەشتان لێ ناشارمەوە سەرەڕای پشتگیری ئەمەریکیەکانیش بەڕێز سەرۆکی حکومەت کاك نێچیرڤان بارزانی زۆر پشتیوانی لە ئێمە دەکات.

**لڤین :ئەو ئەمەریکیانەی کە دێنە لات چ پۆستێکیان هەیە؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : برادەرانی باڵوێزخانە سەردانمان دەکەن ، ئەفسەرەگەورەکان سەردانی ئێمەیان کردووە ، چاومان بە جەنەڕاڵە ئەمەریکییەکان کەوتووە ، زۆر جار چاوم بە (جۆن نیگری پۆنتی ) کەوتووە کە ئەوکاتە باڵوێزی ئەمەریکابوو لە بەغدا و زۆر جار لەگەڵ جەنەراڵ جۆن ئەبیزێد کۆبوونەوەمان کردووە لە قاعیدەی ئەمەریکیەکان – جەنەراڵ جۆن ئەبیزێد بەرپرسی هێزی ئەمەریکایەلە رۆژهەلاتی ناوەڕاست هەروەها ئەوەی کە زۆر دۆستی منە جەنەراڵ دیڤد پاتریۆسە ، ئەوانیتریش جەنەراڵ هام و جەنەراڵ ئێلمك و جەنەراڵ رۆد ریگز ئەو جەنەراڵانە دۆستیەتیمان زۆر خۆش بووە لەگەڵیان و بە بەردەوامیش کۆبوونەوەمان بووە لەگەڵیان ، کە ناتوانم شوێنی کۆبونەوەم لەگەڵ جۆن ئەبی زێد بە ئێوە بڵێم .

**لڤین : پەیوەندیەت لەگەڵ ئەمەریکیەکان چۆن دروست بووە ؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : مەسەلەکە عەقڵیەتە ، دەبێ عەقڵیەتێکی وات هەبێ بتوانی کار بکەیت لەگەڵیان ، بتوانی بەرژەوەندی میللەتەکەت بپارێزیت کە ئەمە زۆر گرنگە ، هەرشتێك دەیکەیت ، بیکە بەڵام دەبێ بەرژەوەندی میللەتەکەی خۆت لەسەرووی هەموو شتێکەوە دابنێیت ، ئەوان سەیر دەکەن من بەرژەوەندی میللەتەکەی خۆم و بەرژەوەندی سنوورەکەی خۆم لەسەرووی بەرژەوەندی خۆم داناوە متمانەکە لەوەوە دروست بووە ، ئەگەرچی من توشی زۆر ململانێ و کێشەبووم ، بە حوکمی ئەو دۆستایەتیەم لەگەڵ برادەرانی ئەمەریکی زۆر بوختانی بێ سەروبەرم گوێ لێ دەبێت کە دەیکەن ،ئەوە لە حەسادەت بەولاوە هیچ شتێکی تر نیە.

**لڤین :ئەو ململانێیە چیە؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : منیش گوێم لێ دەبێت وەکو ئەو پرسیارانەی کە ئێوە کردتان ، من

هەمیشە بە بەردەوامی گوێم لەو تۆمەتانە دەبێ ، بەڵام ئەگەر گوێ لەو قسە و قسەڵۆکانە رابگرین کارمان پێ ناکرێ ، ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن ئەوانە زیاتر خەڵکانی بێیشن ، لە ئەنجامی کارەکانمان دەردەکەوێ کە ئێمە چەندە سەرکەوتووین یا فاشیلین لە کارەکانماندا.

**لڤین :ئەو قسەیە راستە کە دەڵێت ململانێ لە نێوان تۆ و دەزگا حیزبیەکاندا هەیە؟**

عەبدولرەحمان بێلاف :من نایگێڕمەوە بۆ ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی ، ئەوە پەیوەندی بە پارتی و یەکێتیەوە نییە ، پەیوەندی بە ئیش کردنی من و ئەو خەڵکە ئیفلیجانەوە هەیە کە ئیرەیی بە کارەکانی من دەبەن.

**لڤین :تۆ سەردانی واشنتۆنت کردووە ؟ کاتێک (دۆناڵد رامسفێڵد )هاتە بەغدا بەتایبەتی بەدوای تۆدا ناردبوو؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : وەکو بۆم باسکردی کە پەیوەندیم خۆشە لەگەڵ برادەرانی ئەمەریکی بەڵام ئەو پەیوەندییە ، وانیە کە شتێك لەژێر پەردەدا هەبێ لە نێوانی ئەوان و من ، چونکە کلتوری ئەوان وایە هەرشتێکیان هەبێ بە ئاشکرا دەیکەن.

**لڤین :رەنگە ئەوان بە سیفەتێکی تۆ سەرسام بووبن ؟**

عەبدولرەحمان بێلاف :من سەردانی ئەمەریکام کرد ، یەکەمین کەس بووم وەکو نوێنەری حکومەتی عیراقی فیدراڵ و سەرۆکی وەفدی عێراقی بووم کە سەردانی واشنتۆنم کرد لەوێ چوومە کۆشکی سپی و چوومە کۆنگرێسی ئەمەریکی و وەزارەتی دەرەوە و پنتاگۆن و دادگای فیدراڵی ئەو شوێنە گرنگانە ، من بەناوی میللەتی کورد چەپکە گوڵم لەسەر شەهیدی ئەوان دانا ، ئەوە بوو لە زۆربەی کەناڵەکانی ئەوێ نیشاندرا ، هەروەها ئاڵای کوردستانم لەسەر گۆڕی (جۆرج واشنتن ) دانا بەناوی گەلی کورد نەك بەناوی قائیمقامی مەخمور.

**لڤین :تۆ یەکەم کەس بوویت لەناو پنتاگۆن نوێژت کردووە ، ئەوە شتێک نەبووە کە ئەوان پێت سەرسام بوون؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : ئەوە زۆر شتێکی ئاساییە من بەر لە وەی قائیمقام بم من کەسێکی موسڵمانم ، باوەڕێکی تەواویشم بە عەقیدەی ئیسلام هەیە ، تۆش ئازادی کە هەر دینێکت هەیە.

**لڤین :خەڵکی مەخمور دەڵێن بایەعی دێت بۆ مەخمور بەڵام لەلایەن ئێوەوە دەفرۆشێتەوە ؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : پێم خۆشە ناوی ئەو نەفەرانەم پێ بڵێت کە ئەو قسەیان کردووە ، یا بایەعی کێ فرۆشراوەتەوە ؟

**لڤین : پابەند نیم بەوەی کە ئەو ناوانەت پێبڵێم؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : تۆ دێیت بۆ خەڵك قسە دەکەی بۆیە حەزدەکەم تەحقیقی ئەو قسەیە بکەی ئینجا پرسیار لەمن بکەیت .

**لڤین : من پرسیومە بۆیە لە تۆی دەپرسم ؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : ئەم شتە دوورە لەراستی .

**لڤین : لەو ماوەیەدا 500 پارچە زەویتان دابەشکرد بۆیە دەڵێن ئەو دابەشکردنە بە شێوەیەکی ناحەق کراوە ؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : کاکە 500 پارچە زەوی نییە ئەوە 2000 هەزار پارچە زەوییە ئێمە دابەشی دەکەین بە پێی هەندێ مەرج ئەو زەوییانە بەشی هەموو خەڵك دەکات ، هەرکەسێك ئەو مەرجانەی تێدابێت بە نوسینێك کە ئاراستەی شارەوانی دەکات دەتوانێ سودمەند بێت لەو زەویانە .

**لڤین : پەیوەندی ئێوە لەگەڵ ئاسایش چۆنە ؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : مەبەستتان چیە لەمە ؟

**لڤین : مەبەستمان ئەوەیە لێرە ئاسایش لە دەست پارتییە، ئایا پەیوەندی ئێوەو ئاسایش چۆنە ؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : ئێرە تاکە شوێنە کە ئاسایشی لێێت ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان من و ئەمریکییەکان هەیە ، ئەوان قبوڵیان نەکردووە لە هیچ شوێن لە شوێنە ئازادکراوەکانی کوردستان ئاسایش بوونی هەبێت ، تەنها لێرە ئاسایش بوونی هەیە ئەو ئاسایشەش من داوام کردووە کە لێرە بێت کەئەمەش تەنها بۆ پاراستنی من نییە .

**لڤین : لێرە پۆلیس سەر بە (موسڵ) ە و ئاسایشیش سەر بە هەولێرە ئەمە چۆن رێکخراوە؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : ئەوەی لەسەر کێشەی ئاسایش بگیرێت ، دەدرێتە ئاسایش و ئەوەی تریش دەدرێتە پۆلیس.

**لڤین : بۆچوونێک هەبوو کە مەخمور بگەڕێتەوە سەر هەولێر ؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : ئەو کاتەی سەردانی ئەمریکام کرد وتیان شتێك بڵێ کە بۆت جێبەجێ بکەین ، لەبەر ئەوەی کاری باشت کردووە ، منیش وتم تەنها مەخمور بگەڕێننەوە سەر هەولێر چونکە مەخمور لە ساڵی 1996 هاتۆتە سەر موسڵ ئەوانیش نوسراوێکیان کرد و لە رێگەی سەفارەتی ئەمریکاوە تەسمیلی حکومەتی عێراقیمان کرد .

ئەوەبوو ئەنجومەنی وەزیران دایە وەزارەتی ئەشغال ، خاتوو نەسرین بە ئیجابی وەڵامی دانەوە ، ئەو نوسراوە هاتە موسڵ دیارە ئەو کات هەندێ گرفت هەبوو تا ئێستاش نەوەستاوین هەر خەریکین کە پێش راپرسی مەخمور بگەڕێتەوە سەر هەولێر .

**لڤین : دەڵێن زۆر واسیتە بۆ خەڵک دەکەیت ئەمە گەندەڵی نیە ؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : واسیتە شتێکە و کار ئاسانی شتێکی تر خەڵکێك دێتە لام و منیش نوسراویان بۆ دەکەم.

**لڤین : وەرزشوانان گلەیی دەکەن کە ئەو یارگایانە لاوان لەلایەن یەکێتی کۆنترۆڵ کراون ؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : ئەوە زۆر راستە یەکێتی لاوان کۆنترۆڵیان کردووە بەڵام ئەوان بە پارەی خۆیان کردویانە.

**لڤین : بەڵام ئەو یاریگایانە دیاری سەرۆکی حکومەتن ؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : نەخێر دیاری سەرۆکی حکومەت نیە .

**لڤین : من لە ساڵی 2004 لەو بابەتەم کۆڵیوەتەوە خۆیان دەڵێن دیاری سەرۆکی حکومەتە ؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : ئەوندەی من ئاگادارم ئەوە دیاری یەکێتی لاوانە و هەر ئەوان دێن کارەکان دەکەن ، بەڵام وابزانم بەکرێ دەیدەن بە هەموو کەس .

**لڤین : ئەم کرێیە لەسەر بنەمای حزبییە نەک بە گشتی بیدەن ؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : ئەوەندەی من ئاگادارم هی یەکێتی لاوانە کە بەکرێشی دەدەن ئازادن دەیدەن بەکێ .

**لڤین : لە روی رۆشنبیری و هونەرییەوە مەخمور زۆر لاوازە لەگەڵ ئەوەی دەزگای زۆری ئەم بوارەشی لێیە ؟**

عەبدولرەحمان بێلاف : راستە بەڵام زۆربەی بەرپرسەکانی یەکێتی و پارتی خەڵکی ئەو ناوچەیەن لە روی هونەریشەوە حەیران و لاوك لە ئەسڵدا لەو ناوچەیە سەری هەڵداوە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە گلەیی زۆرمان هەیە لەو سەنتەرانە کە بەئەرکی خۆیان هەڵنەستاون .